سەران عومەر: بڕیاری دادگای فیدراڵی پێویستە وەزارەتی نەوت پەداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان بکات

ئەندامێکی ئینجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، "کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکانی هەرێم ئامادەنین گرێبەستکانیان بدەن بە وەزارەتی نەوتی عێراق تاکو پەداچوونەویان بۆبکرێت".

سەران عومەر، ئەندامی ئینجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، بڕیاری نوسراوی 665 لە 28ی شوباتی 2024، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەک هامی چاودێری دارایی فیدراڵی دەداتەوە کە ئامادەنین وەڵامی گرێبەستە نەوتییەکان بدەن بەوەزارەتی نەوتی عێراق بەهۆی ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان ڕازامەند نین نهێنیی گرێبەستکان ئاشکرابکرێت.

ئاماژە بەوەش دەکات، لەناو گرێبەستکانیش بڕگە و ماددەی تێدایە کە هەموو لایەنەکانی ناو گرێبەستکە ڕازامەندنەبن، نابێت گرێبەستکە ئاشکرا بکرێت، لەکاتێکدا بڕیاری دادگای فیدراڵی پێویستە وەزارەتی نەوت پەداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان بکات بە چارەسەری کۆتایی نەوتی هەرێم.